https://www.doi.org/10.31918/twejer. 2251.8

e-ISSN (2617-0752)        p-ISSN (2617-0744)

# نۆستالۆژیای تاکەکەسی لە شیعرەکانی (نالی)دا

پ. ی. د. نوزاد وقاص سعید        ڤیان عباس اسماعیل

زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر/ کۆلێژی پەروەردە / بەشی کوردی

mailto:nawzad.saeed@su.edu.krd        Vianabbas111@Gmail.Com

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ ڕوونکردنەوە و دیاریکردنی جۆرەکانی نۆستالۆژیای تاکەکەسی لە شیعرەکانی نالیدا، کە لەو ڕێگایەوە ئاماژە بە جۆرەکانی نۆستالۆژیای تاکەکەسی کراوە لە ڕووی تیۆرییەوە و لەسەر شیعرەکانی نالی پراکیتیزەکراوە، کە تێیدا شاعیر چەند سەدەیەک پێش ئێستا و بەبێ مەبەست ئەم حەز و ئارەزووی گەڕانەوەی بۆ ڕابردوو لەلا دروست بووە.

نۆستالۆژیا وەکو حاڵەتێکی دەروونی لە ناخ و دەروونی هەموو مرۆڤێکدا بوونی هەیە، لەلای شاعیران بە گشتی و نالیش بە تایبەتی هەست بە بوونی ئەو جۆرەی نۆستالۆژیا دەکرێت، ئینجا حەسرەت و داخ و پەشیمانی ڕابردوو بۆ کەسێکی ئاسایی دەبێتە حاڵەتێکی بێ بایەخ و بێ بەرهەم، بەڵام ئەم هەستە لەلای شاعیران و نووسەران بە شێوازێکی جیاواز ڕێچکەی خۆی دەگرێت و لە چەندین بەرهەمی جیاواز خۆی دەبینێتەوە.

وشە کلیلییەکان: نۆستالۆژیا، نالی، تاکەکەسی، حەسرەت، گەڕانەوە بۆ ڕابردوو.

## نۆستالۆژیای تاکەکەسی لە شیعرەکانی (نالی)دا

### پێشەکی

نۆستالۆژیا چەمکێکی دەروونی و دواتر ئەدەبییە، وەکو دیاردەیەکی نوێ لە ئەدەبیاتدا بە گشتی دەپڕژێتە سەر هەموو ژانر و جۆرە ئەدەبییەکان کە ئەویش حاڵەتێکی دەروونییە و و نووسەر یان شاعیر بەهۆی دابڕان و دوورکەوتنەوە لە خۆشەویست و خزم و کەس و نیشتمان هەستی غەریبی و نامۆیی و تەنهایی بەسەر دڵ و دروونیدا زاڵ دەبێت و لە ئاکامدا حەسرەت و داخ و ژان بۆ ڕابردوو دەکێشێت، ڕابڕدوویەک بۆ ئێستای ئەو پڕاوپڕبووە لە سادەیی و جوانی و پاکی. ئەو هۆکارانەی دابڕان و جیابوونەوەش هەندێک جار سیاسییە و شاعیر ناچاردەکرێت دووربکەوێتەوە یانیش بە هۆکاری ئابووری لەپێناو دابینکردنی ژیانێکی گونجاوتر شاعیر ئەم غەریبی و دابڕانە هەڵدەبژێرێت یاخود هۆکارە جیاوازەکانی کۆمەڵایەتی وئاینی و... هتد دەبنە فاکتەری سەرەکیی ئەم غەریبییە، ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (نۆستالۆژیای تاکەکەسی لە شیعرەکانی نالی)یە، کە ئەویش لێکوڵینەوەیە لە شیعر و چامە و غەزەلەکانی نالی و دیاریکردنی جۆری نۆستالۆژیا تێیاندا و شیکردنەوە و لێکۆڵینەوەی دێرە شیعرەکانە لە ژێر چەتری گشتیی نۆستالۆژیادا.

لەم تویژینەوەیە سوود لە ڕێبازی وسفی شیکاری وەرگیراوە، سنووری ئەو توێژینەوەیەش تەنها لە چوارچیوەی دیوانی نالیدایە، چونکە سەرلەبەری بەیت و شیعر و غەزەل و چامەکانی لەخۆدەگرێت.

ئەم توژێنەوەیە لە پێشەکییەک و دووبەش پێکهاتووە. لە بەشی یەکەمدا ڕوونکردنەوەی نۆستالۆژیا و چەمک و پێناسەی بە شێوازێکی ڕوون و دیارباسکراوە ئەم بەشە زیاتر تیۆرییە و بۆ بەرچاو ڕوونی و

شیکردنەوەی بابەتەکە تەرخانکراوە، لە بەشی دووەمی توێژینەوەکەدا کە تیۆری و پراکتیکییە، باس لە جۆرەکانی نۆستالۆژیای تاکەکەسی و جۆرەکانی (گەڕانەوە بۆ سەردەمی گەنجی نۆستالۆژیای حەسرەت و خەمی پیری، نۆستالۆژیای خەم و حەسرەت و دووری لە مەعشوق، نۆستالۆژیای خەم و دووری و غوربەتی نیشتمان) لە شیعرەکانی نالی پراکتیزەکراون. لە کۆتایی توێژینەوەکەشدا ئەو ئەنجامانەی تویژەر پێیان گەیشتوە لەگەڵ سەرچاوە کوردی و عەرەبی و ئینگلیزەکان کە توێژەر بۆ بەڵگە و سەلماندنی بۆچوونەکانی پشتی پێ بەستووە خراوەنەتەڕوو.

**١ - تەوەرەی یەکەم**

**١-١:چەمک و پێناسەی نۆستالۆژیا**

هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی پێناسەیەکی تەواو و نەگۆڕ بۆ بابەتێکی وەکو نۆستالۆژیا هەروا کارێکی سانا نییە، لەبەر ئەوەی نۆستالۆژیا بابەتێکە پەیوەندی بە ناخ و ناوەوەی مرۆڤەوە هەیە ڕەنگە هەریەکێک لە خودی خۆیەوە پێناسەیەکی بۆ دابڕێژێت بەو شێوەیەی کە خۆی هەستی پێ دەکات، بۆیە ئەمەش وا دەکات کە پێناسەکان جۆراوجۆربن و لە سنووری چوارچێوەیەکی دیاریکراودا دەربچن.

لە سەرەتادا ئەم زاراوەیە پەیوەستبوو بە زانستی پزیشکی و دەروونناسییەوە، دواتر بە تێپەڕبوونی کات جگە لە دەلالەتە بنەڕەتییەکەی وەکو حاڵەتێکی دەروونی خۆی ناساند ((نوستالۆژیا زاراوەیەکی دەروونییە دواتر بەپێی کات هاتە نێو ئەدەبیاتەوە بە شێوەیەکی گشتی هەڵسوکەوتێکە لە کەسایەتیی نووسەر یان شاعیر خۆی بەرجەستە دەکات، کە هەستێکی گشتی و سروشتی غەریزەییە، کە لەلای هەموو کەسێکدا بوونی هەیە)) (ممتحن و ئەوانی تر:٣،٢٠١٢) کەواتە نۆستالۆژیا

هەستێکە لە کۆتەڵی مێشکەوە دەگوازرێتەوە بۆ دڵ و لەوێوە ئاراستەدەکرێت.

فەرهەنگی (لارۆس) کە فەرهنگێکی فەڕەنسییە لە سەدەی بیستەم لە ساڵی (١٩٣٢) چاپکراوە لە چاپی شەشەمدا بۆ پێناسەی نۆستالۆژیدا دەڵێت: ((نۆستالۆژیا وەڵامێکە بۆ کەسێک کە ناتوانێت خۆی بگونجێنێت لەو شوێنە نوێیەی تێیدا نیشتەجێ بووە یان لە بارودۆخێکی نوێدایە چ لە ڕووی مادی و چ لە ڕووی عەقڵیدا...، دەکرێت نۆستالۆژیا توشی ئەو گوندنشینانەبێت، کە هەرگیز گوندەکانی خۆیان، یان شارۆچکەی خۆیان جێ نەهێشتووە)) (عەبدوڵلا:٢٨:٢٠١٦)، لە لای ئینگلیزەکان چەمکی نۆستالۆژیا دەلالەتێکی فراوانتر وەردەگرێت و توێژینەوەکان لەبارەی نۆستالۆژیا فراوانتربوون و سنووری مانای زاراوەکە گەورەتربوو، (داڤێس) لێکۆڵەر و شارەزای ئەمریکی نۆستالۆژیا بە ئەزموونێکی پۆزەتیڤی زیندوو پێناسە دەکات و دەڵێ: ((ئەزموونی نۆستالۆجیک وڕێنە و جوانیی ڕابردوو، چێژ، خۆشی، شادی، باشییە، هەستی نۆستالۆژیا بە زەحمەت ئەو هەستانە پڕدەکاتەوە کە ئێمە هەمیشە پێمانوایە نێگەتیڤن، بۆ نموونە بێهیوایی، بێئومێدی، ڕق، شەرم)) (davis:14.1979) بە دەستەواژەیەکی تر گەڕانەوە بۆ ڕابردوو وەڵامێکی ئەرێنی ئێستاییە بۆ ئەزموونێکی لەدەستچووی نەرێنی، چونکە هەندێکجار وەبیرهێنانەوەی ئەو ئەزموونە کاریگەرییەکی ئەرێنی لەسەر ناخی کەسەکاندا جێدەهێڵێت.

## ١-٢:جۆرەکانی نۆستالۆژیا:

نۆستالۆژیا بەسەر چەند جۆر و شێوەی جیا دابەش دەکرێت کە بریتین لە:

سڤێتلانا بۆیم Svetlana boym ١٩٥٩-٢٠١٥ مامۆستای ئەدەبی سلاڤی و بەراوردکاری لە زانکۆی هارڤارد ئاماژە بە دوو جۆری نۆستالۆژیا دەکات، ئەوانیش بریتین لە:

(( أ- نۆستالۆژیای ڕامانی (التأملي)

ب- نۆستالۆژیای گەڕانەوە)) (Koch:2017:37-42)

١- لە یەکێک لە نامە ئەکادیمیەکانی زانکۆی (sodertön) دوو جۆری نۆستالۆژیای دەستنیشانکراوە کە ئەوانیش:

(( أ- نۆستالۆژیای کات (الزمانی)

ب- نۆستالۆژیای شوێنی (المكاني)) (kalinina:2014:49-53)

٢- هەروەها لە ئەدەبی نوێی عەرەبیدا بۆ دیاردەی نۆستالۆژیا توێژەر و ڕەخنەگرانی بواری ئەدەب لە توێژینەوە نوێکانی ئەدەبدا ڕاستەوخۆ جۆرەکانی نۆستالۆژیای دیاری دەکەن، بەبێ ئەوەی لە سەرەتادا بگەڕێنەوە بۆ پۆلینکردنی نۆستالۆژیا بۆ جۆرەکانی (تاکەکەسی) و (گشتی)، بۆ ئەمەش پێنج جۆری نۆستالۆژیای دەستنیشانکراوە کە بریتین لە:

(( أ- نۆستالۆژیای گەڕانەوە بۆ نیشتمانی دایک.

ب- نۆستالۆژیای گەڕانەوە خزم و کەس و هاوڕێ.

ج- نۆستالۆژیای گەڕانەوە بۆ یار.

د- نۆستالۆژیای گەڕانەوە بۆ یادگارییەکانی ڕابردوو.

و- نۆستالۆژیای گەڕانەوەی ئاینی (الحنین الدینی).)) (غمیض: ٢٠١٥: ٤٨-٥٤)

بەڵام لە ئێستادا لێکۆڵەران لە لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکانی خۆیاندا بە شێوەیەکی گشتی دوو جۆری سەرەکی (نۆستالۆژیا) یان گەڕانەوە بۆ ڕابردوو دیاری دەکەن، ((لە لێکۆڵینەوە ئەدەبییە نوێکاندا، نۆستالۆژیا دابەش دەبێتە سەر جۆرەکانی "تاکەکەسی، گشتی")) (شریفیان:١٣٨٤:٤٨)، کە لە ئەدەبی کوردیشدا ئەم جۆرە دابەشکردنە لە جۆرەکانی تر باوترە، هەردوو جۆرەکەش بریتین لە:

((یەکەم// نۆستالۆژیای تاکەکەسی(تاک، فەردی).

دووەم// نۆستالۆژیای گشتی (کۆ، جمعی).)) (عەبدولا:٥١:٢٠١٦)

**٢- تەوەرەی دووەم:**

**پراکتیزەکردنی نۆستالۆژیای تاکەکەسی لە شیعرەکانی (نالی)دا**

**١: نۆستالۆژیای تاکەکەسی (فردی):**

ئەم جۆرەی نۆستالۆژیای پەیوەستە بە خودی شاعیر و یادەوەرییەکانی لە ڕابردوودا، شاعیر هەموو هەست و هۆشی چڕدەکاتەوە بۆ جەختکردن لەسەر ڕووداوەکانی ژیانی تایبەت بە خۆی ((شاعیر، یان نوسەر لەم جۆرە نۆستالۆژیایەدا، گرینگی بە ماوەیەکی زەمەنی لە ژیان و بەسەرهاتەکانی ژیانی خۆی دەدات و لە بەرهەمەکەیدا دەیخاتەڕوو، باسی ئەو شوێنانە دەکات، کەوا تایبەتن بە خۆی و غوربەتی تاکەکەسی دروستدەکەن)) (عەبدوڵلا: ٥٢:٢٠١٦)، واتە ئەو غەریبی و غوربەتییە دەقۆزێتەوە بۆ هاتنە دونیای دەقێکی لێوانلێو لە هەست و سۆز و ئەندێشەی جوان و تێکەڵ بە کەرستە و وشەی زەقی نامۆیی و غەریبی

و داخ و حەسرەت، کەواتە ئەو شاعیرەی خاوەنی ئەم حاڵەتە دەروونی و هەستە نۆستالۆژییە بە زەمەنێکی خاڵی لە خۆشەویستی و هەموو جوانییەکانی نیشتمان تێپەڕیووە ((بە شێوەیەکی گشتی ڕووداوەکانی ژیانی نووسەر و شاعیران کە لە ژیانی ڕاستەقینەیاندا ڕوویداوە یادگاریی ناوازە دروستدەکەن و لە کارەکانیاندا ڕەنگدەداتەوە، کە وادەکات شاعیران بەردەوام لە زەمەن و کاتی ڕابردوودا ئامادەییان هەبێت)) (تیموری؛ شریفیان:١٣٨٥:٣٨) بەپێی کات و گەڕانەوەی ڕابردوو نۆستالۆژیا دابەش دەبێتە سەر جۆرەکانی ((وەک (کاتی ئێستایی (خێرا)) و (کاتی بەردەوامی) )) (عەبدوڵلا:٢٠١٦:٥٢)، هەروەها بە گشتی نۆستالۆژیای تاکەکەسی چەند جۆرێکی جیاوازی لێ دەبێتەوە کە هەر جۆرێکیان خاوەنی چەند هێما و ڕەمزێکی تایبەت بە خۆیانن کە بریتین لەمانە: ((

١. گەڕانەوە بۆ سەردەمی منداڵی.
٢. گەڕانەوە بۆ گەنجی و مێردمنداڵی.
٣. نۆستالژیای دووری لە مەعشوق "دلدار".
٤. نۆستالژیای گەڕانەوە بۆ نیشتیمان و غوربەتی دووری لە وڵات و زێدی لەدایکبوون و گوند.
٥. نۆستالژیای پیری و بیرکردنەوە لە مردن و ترسی مەرگ.))

(عەبدوڵلا:٢٠١٦:٥٤)

## ٢-١-١:نۆستالۆژیای گەڕانەوە بۆ سەردەمی منداڵی:

منداڵی جیهانێکی پڕ لەبەرائەت و پاکی و جوانی، ئەو جیهانەی پەڕاوێکی سپی و ڕوون پێشکەشی گەورەکان دەکات، بووێکی نەرم و نیان و گیانێکی پاک و دڵێکی ساف و ڕوون کە زۆر بە ئاسانی دیوی شاراوەی دەبینرێت، هێشتا ڕق و کینە نەپرژاوەتە سەر ڕۆحی و ڕکابەرایەتی گەورەکانی لێ ونە، لەبەر ئەوەش نووسەر و شاعیر بۆ

ئاوڕدانەوە لە ڕابردووی خۆی سەردەمی منداڵی دەکاتە هەوێنی نووسینەکانی ((زۆرجار شاعیر خۆزگە بە گەڕانەوەی ئەو ژیانە دەخوازێت و جوانییەکان بەرجەستە دەکات وەک بەشداریکردنی یادەوەریی منداڵی لە پڕۆسەی ئافراندنی شیعریدا، لەبەر ئەوەی منداڵی بۆ خۆی ئەزموونێکی جوانە، کاتێک شیعرڕێژ دەکرێت ئەو جوانییە دەبێتە هەوێنی ئێستاتیکای ئەو شیعرە و جوانییەکی ناوازە دەبەخشێت بەو شیعرە چ لەڕووی گواستنەوەیەکی وێنەی جوان یان مانا، یان فۆڕمی شیعرەوە)) (عەبدوڵلا: ٢٠١٣: ١٧٨) لەبەرئەوە وێنەی منداڵی نموونەیەکی کاریگەری ژیانی مرۆڤە و ئەدەب بە گشتی و شیعریش بە تایبەتی ئەم ڕەگەزەیان وەکو کەرستەیەکی پێکهێنەر بەکاربردووە، کە تێیدا ئەزموونێکی گەردوونییە و قۆناغێکی گشتییە بۆ هەموو کەسێک کە پێدا تێپەڕیوە ((دەکرێت منداڵی، لای زۆر لە شاعیران تا باقی بوونی تەمەن هەمیشە زیندوو بێت و شوێنێک بێت بۆ سەر لەنوێ دروستکردنەوەی دونیا)) (ئەمین: ٢٠٠٨: ٤١)، سەبارەت بە شیعری کلاسیکی کوردی بە گشتی و شیعرەکانی نالی بە تایبەتی لەبەرئەوەی یەکێتیی دێر بووە و یەکێتیی بابەت نەبووە بۆیە وادەخوازێت لەناو دێڕەکاندا بەدوای ئەو هەستە و جۆرەی نۆستالۆژیا بگەڕێین، بۆ ئەمەش لە دوای گەڕان و بەدواداچوونمان بۆ سەرجەم شیعرەکانی نالی و سەراوژێرکردنی دیوانەکەی، هیچ شیعرێکمان بەرچاونەکەوت کە نالی تێیدا باسی سەردەمی منداڵیی خۆی کردبێت یان ئەو هەستەی بۆ دروستبووبێت و حەسرەت و داخی ئەو سەردەمە هەڵکێشێت، لەبەرئەوەی ((نالی شار دەکاتە تەوەرەی بناغەی یادەوری و نۆستالۆژیا و بینینەکانی نەک گوند، تەنانەت گوندی خاک و خۆڵ کە شوێنی خۆشەویستییەکەیەتی لە دەشتاییەکی دەرەوەی شاری سلێمانییە لەپەڕی ڕۆژئاوایە، تەنها یەک جار باسی کراوە، تەنانەت شوێنی منداڵی و یادەوەرییەکانی منداڵی لەبیرچۆتەوە)) (حەمید: ٢٠٠٩: ١١) بەڵام هەروەکو ئاشکرایە کە نالی

سەردەمی منداڵی هەر لە کوردستان و ناوچەی شارەزوور بەڕێ کردووە، مارف خەزنەدار دەڵێ: ((مەڵبەند و نیشتمانی ڕاستی ئادەمیزاد ئەو جێیەیە کە سەردەمی منداڵی و مێردمنداڵی و لاویەتی تێدا دەباتە سەر خدر و خاک و خۆڵی شارەزوور و ماوەی منداڵی، فەقێ خدر و قەرداغ و ڕۆژگارانی مێردمنداڵی و لاویەتی)) (خەزنەدار: ١٩٨١: ٣٧) بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هیچ شیعرێکی تەرخان نەکردووە بۆ قۆناغی منداڵی و هەموو ئەو یادگارییانەی کە لەو قۆناغەدا بوونیان هەیە و دەبنە کەرەستەی پەیکەری دەقێکی نۆستالۆژی.

## ٢-١-٢: نۆستالۆژیای گەڕانەوە بۆ سەردەمی گەنجیەتی:

گەنجێتی بۆ مرۆڤ قۆناغێکی پڕ لە هێز و چالاکییە، مرۆڤێکی تەواو لەو قۆناغەدا سەرجەم ئەندامەکانی جەستەی لە باشترین دۆخی کارکردندان و ئامادەگیی تەواویان تێدایە بۆ ئاشکراکردنی بەهرە و تواناکان و پەرەپێدانیان، لەگەڵ پەروەردەکردنیان بەهرە و سەلیقە و تواناکانیش دەگەنە ترۆپکی گەشەپێدان، ((مرۆڤ لەم سەردەمەدا، کانیاوی حەز و ئارەزووەکانی بەرەو هەڵکشان و بەرزبوونەوە دەچێت و گەشەی مێشک و تەنانەت لەڕووی جەستەشەوە گۆڕانی بەسەردا دێت و ئەندێشە و خەیاڵی فراوان دەبێت، بەمەش ڕامان و تێگەیشتنی بۆ شتەکان دەگۆڕێ)) (عەبدوڵلا:٢٠١٦:٢٢٨)، لەگەڵ تێپەڕبوونی ئەو قۆناغە و ئاوابوونی تەمەن و لەدەستدانی دۆست و هاوڕێی ئەو سەردەمە یان پچڕانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەو سەردەمەدا مرۆڤ دەکەوێتە ژێر کاریگەریی حەسرەت و ئاخ هەڵکێشان بۆ سەردەمی گەنجیەتی، ئینجا لەبەرئەوەش شاعیر و نووسەران لەدوای هەڵکشانی تەمەن و بەدەمەوە چوونیان بەرەو پیری و کەمبوونەوەی هێز و تاقەت و چالاکییان یان سەرقاڵی و گرێدانیان بە پابەندییەکانی ژیان و کۆمەڵ وادەکات بکەونە بەر شاڵاوەکانی هەستی نۆستالۆژیا، تێیدا بەشیعر یان بە نووسین بۆ

سەردەمی جوانی و بەهرەمەندیی سەردەمی گەنجێتی دەگەڕێتەوە، ڕابردوو بە گشتی بۆ سەردەمی ئێستا چێژی تایبەتی خۆی هەیە و مرۆڤ بەگەڕانەوەی دڵخۆشدەبێت.

لێرەدا تیشک دەخەینە سەر نالی و پەیوەندی  بە سەردەمی گەنجێتی، کە جگە لە چامە بەناوبانگەکەی کە بۆ (سالم)ی ناردووە، لە دیوانەکەیدا چەندین دێرە شیعری تێدا هەن، کە بە لێکدانەوەی باسی سەردەمی گەنجیی خۆی دەکات جگە لە هەندێک دێری تر کە بە شێوەیەکی گشتی ئاماژەن بۆ قۆناغی گەنجی یان لاوی، سەبارەت بە چامەکەشی (قوربانی تۆزی ڕێگەتم ئەی بادی خۆش مروور) کە نقومی غوربەت و غەریبی و دەربەدەری و ئاوارەییە، لەگەڵ ئەوەش دەخرێتە خانەی نۆستالۆژیای جۆری حەزی گەڕانەوە بۆ نیشتمانی دایک، بۆ نموونە لە چەند شوێنێکی چامەکەیدا بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ باسی شۆخ و شەنگی و لاوانی سەردەمی بابانەکەن دەکات، ئەو کاتانەی عەشق و ئارەزووی ژوان و دیدار لە دڵ و دەروونی لاواندا پەنگدەخواتەوە، بۆ ئەمەش دەڵێت:

**ئێستەش مەکانی ئاسکەیە (کانی ئاسکان)،**

**یاخۆ بووە بە مەلعەبی گورگ و لوورەلوور؟!**
**(نالی، ١٣٧٩: ١٩٦)**

دیارە کە (کانی ئاسکان) ئەو شوێنە بوو کە لە سەردەمی پاشایەتیی بابانەکاندا تاکە مەنزڵی ژوان و بەیەکگەیشتنی کوڕ و کچە شۆخ و شەنگەکان بووە، مامۆستا (عبدالکریمی مدرس) لە تەفسیری ئەو دێرەدا ئاماژە بەوە دەکات کە ئەو شوێنەی بە ناوی (کانی ئاسکان)ە ڕەنگە بە ناوی کچانی شۆخ و شەنگ و چاوجوانی شار ناونرابێت، دیارە کچانیش بە مەبەستی ئاوهێنان بۆ ئەو کانیە چووبێتن، کوڕە لاوەکانیش بە مەبەستی بینینی ئەوان لەسەر ئەو کانییە دانیشتوون و گەرم و گوڕیی

عیشق زیاتر گیرۆدەی کردوون، بەو پێیەی کە (نالی) بەم شێوەیە وەسفی ئەو شێوینە و ئەو سەردەمە و ئەو هەڵوێست و دیمەنەی کردووە، دەبێت خۆیشی یەکێک بووبێت لە لاوانی ئەو سەردەمە و ئەو کۆمەڵە بۆیە جەخت لەسەر دەکاتەوە دەپرسێت ئایا ئەو شوێنە وەکو خۆی ماوە یان ئەو شوێنە و ئەو شانۆیە بووە بە مەلعەبەی گورگ و لوورەلوور.

لەلایەکی تر ڕێبوار سیوەیلی دەڵێت: ((نالی بەباسکردن و پێبەخشینی ئەو خرۆشی بزوتنەوەیە بەڕەگەزی (با) ناڕاستەوخۆ سەردەمی خرۆش و هەڕەتی گەنجێتیی خۆیشیمان بەبیر دەهێنێتەوە. ئەو وەسفی بەهارییانەی باس دەکات، هەروەکو چۆن هەموو وەسفکردنێکی گەنجی و تافی خوێن گەرمیش، بەهارین)) (سیوەیلی: ٢٠٠١: ٦٣ – ٦٤) بە بۆچوونی سیوەیلی وەسفی بەهارییانەی ئەو بایە ڕێک وەکو وەسفی کەسێکە لە هەڕەتی لاویدایە و گڕی عەشق و خۆشەویستی لەدڵ و دەروونی بەربووە جا ئەو عەشقەش عەشقی نیشتمان و مەنزڵگای باب و باپیرانیەتی، بۆیە دەڵێت:

**ئەی هەم میزاجی ئەشکی تەڕ و گەرمی عاشقان!**

**تۆفانـی دیـدە و شـەرەری قەلبی وەک تـەنـوور!**
**(نالی :١٣٧٩: 186 )**

لەلایەکی تر نالی لەچەند دێڕێکی بەدوایەکدا لە وەسفی جوانی و عیشوە و نازی یارەکەیدا باسی دڵداریی سەردەمی گەنجیەتیی خۆی دەکات و دەڵێت:

**سـەری زوڵفت کە ڕشتـەی عومـری خـزرە، نیوە هـەودایـە**

**چ هەودایە؟ کە هەر حەڵقەی دوو سـەد زەنجیری سەودایـە!**

**بـرۆت تیـغێکە وسـمـەی سـەیقەل و مـەسلـوول و موکارە**

**که عیشوەی جەوهەرە، ڕەمز و ئیشارەی ئاوی مەودایە**

**بە نەشئەی سستی و مەستیی وەها مەستوور و مەخموورە**

**نزانم خەو لە چاوتدایە یا چاوت لە خەودایە!**

(نالی: ١٣٧٩: ٥٦٢ – 563 )

ئەو هۆکارە وا دەکات شتەکان نرخ و بەهایان پارێزراوبێت و بگەرە بە پێی تێپەڕبوونی کات و لێوردبوونەوەیان؛ زیاتر لەوەی هەن بالاتریش هەلکشێن. یەکێک لەو هۆکارانەش کە وای کردووە کاتێ ناوی نالی دەهێنرێ، ڕاستەوخۆ لە زیهنی بیسەردا، مەقامی هەرە باڵای بۆ دادەنرێ و بە سەرقافڵەی شاعیرانی کورد و شیعرەکانیشی بە ئەوجی شیعری ئەدەبیاتەکەمان دادەنرێ، ئەو زێدە جوان وەسفکردنەیە کە لە شیعرەکانیدا هەستی پێدەکەین و دەبینرێ، نالی لەم چەند دێرەدا، لەباسی دڵدارانەی خۆی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی گەنجی و ئەوکاتەی ئەو لە بەهاری تەمەنیدا بووە و عاشقی ئەو کەسە بوو کە بەم شێوەیە وەسفی کردووە، مامۆستا "مەسعود محەمەد" دەڵێت: ((نالی لەم هەڵبەستەدا، پاتە و پات، بزوزێک دڵدارانەی، کاتی گەنجایەتیی خۆیمان بۆ دەگێڕێتەوە)) (محەمەد: ٢٠٠٧: ١٩١) ئەوەش ئەوە دەردەخات، ڕابردووی شاعیر؛ بەشێکی دانەبڕاوە لە ئێستای، کەواتە هەر دێرێکی شیعری مەبەستی دڵداری لەلای نالی، گەڕانەوەیە بۆ تافی لاوێتی و کات و شوێنی ڕابردوو لە ئێستادا بنیاد دەنێتەوە، ئەم دەبڕینانە جەخت لەسەر پەیوەندییەکی توندوتۆڵ دەکەنەوە لە نێوان خودی شاعیر و سەردەمی گەنجی و بەسەرهات و یادەوەرییەکانی، سەردەمی گەنجی بۆ هەموو کەسێک سەردەمی بەدیهێنانی ئاوات و حەز و خولیایە، سەردەمی دەرخستنی بەهرە و توانا شاراوەکانی قۆناغی پێش گەنجییە، مرۆڤ لەو سەردەمەدا

دەگاتە ترۆپکی هێز و توانا و چالاکی ئەویش لەگەڵ هەبوونی ئیرادە و خواست بۆ هەر کارێک کە ئارەزوو دەکات.

هەروەها لە لایەکی تر لە شیعری (شەوی بەهاری جوانی...)، نالی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئاماژە بە سەردەمی گەنجیەتیی خۆی دەکات و دەڵێت:

**شەوی بەهاری جوانی خەوێ بوو پڕ تەشویر**

**لە فەجری پاییزی پیری بەیانی دا تەعبیر**

(نالی، 1379: 214)

ئێستای نالی، ئێستایەکی پیرە، ئەو فلاشباکەی لەم دێڕە شیعرەدا وێناکراوە، دەرخەری ئەو کەموکوڕییانەیە کە شاعیر لە خۆیدا بینیوەیەتی، بۆیە ئاواتی بۆ سەردەمی گەنجی خواستووە، (لەفەجری پاییزی پیری) ئاماژەیە بۆ ئەو ساتەی کە تازە وادێت نالی هەست بە پیربوون بکات و سەرەتای دەرکەوتنی ئاماژەکانی پیری لە خۆیدا بینیوە، بۆیە گەر ڕوونتر لێی وردبینەوە نالی سەرەتا بە شەوی بەهار دەستپێدەکات، واتە ئاڕاستەیەکی گەشبینی و کامەرانییە دواتر کە دەڵێت خەوێ بوو ئاڕاستەکەی دەگۆڕێت بۆ ڕەشبینی، چونکە ئاشکرایە تەمەنی جوانی وەکو بەهار تەڕ و گەش و چالاک و لەوپەڕی هێز و توانایدایە، بەڵام لای نالی ئەو تەمەنە تەنها خەوێکی خۆش بووە و کە دوایی لە بەرە بەیانی پایزی پیریدا تەعبیری لێ کردووە، کە هەرچەندە مرۆڤ لە تەمەنی گەنجیدا ژیانێکی خۆش و لەوپەڕی دڵخۆشی و خۆشبەخشیدا بێت، بەڵام ئاکامەکەی هەر پیربوون و گەیشتنە بە هەموو دەرد و ئازارەکانی پیری، لەبەرئەوە نالی لەم دێڕەیدا هاوسەنگیی هێز و تاقەتی خۆی لەدەستدەدات بەهۆی بەسەرچوونی تەمەن و خێر لە خۆ نەدیویی کاتی گەنجێتی، بۆیە

لێرەدا بە تەواوی دەچێتە ژێر کاریگەریی هەستکردن بە نۆستالۆژیا و پێیوایە بە خۆرئاوابوونی تەمەن و لەدەستدانی هێز و تاقەت و  مرۆڤ دووچاری کۆمەڵێک گۆڕانکاریی دەروونی و جەستەیی دەبێتەوە کە هەموو ئەوانەش کاریگەرییان لەسەر بەرهەمهێنانەکانی کردووە.

## ٢-١-٣: نۆستالۆژیای حەسرەت و خەمی پیری:

لەم جۆرە نۆستالۆژیایەدا مرۆڤ هەست بە ترس و دڵەڕاوکێ دەکات بەرانبەر بە هەڵکشانی تەمەنی و خەم و دڵتەنگی دایدەگرێت بۆ لەدەستدانی تەمەنی، بۆیە لەم جۆرە گەڕانەوەیەدا ((شاعیران دەگوازرێنەوە بۆ سەردەمی کۆڕ و کۆبونەوەی بەردەوامی هاوڕێیان و یادگارییە جوانەکانی سەردەمی گەنجیەتی، کە بەرەو بێئومێدی و دڵتەنگی ئاراستەیان دەکات، لەم حاڵەتەشدا  بەردەوام بەرەو بێ ئومێدی هەنگاو دەنێن)) (طاهیر نیا؛عباسی:١٣٩٠:١٥٧)، بۆیە ئەوانیش قۆناغی لاوی بە بەهاری تەمەن و پیریش بە چوونەژوورەوە بۆ ناو زستانی ساردی پیری دەزانن، لەبەرئەوە هەر لە سەردەمی گەنجیەتی دەبینین کە جۆرێک لە ترس و دڵەڕاوکێ لە ناوەڕۆکی شیعرەکاندا بەدی دەکرێت، هەندێ جار شاعیر هەموو جوانییەکانی ئێستا ڕەتدەکاتەوە و بەرەو داهاتوو ڕادەکات، ڕەنگە هەندێ جار بەهۆی ستەم و زوڵم یان بارودۆخی جیاوازی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە بێت، داهاتوویەک بە ئامانجی ماڵێکی شاهانە بنیاد دەنێت، لەگەڵ ئەوەش ئەوەی ڕوونە ئەوەیە کە زۆربەی زۆری مرۆڤەکان تاڕادەیەکی زۆر بەترسەوە بیر لە پیربوون و مردن دەکەنەوە ((بۆیە پیری و بیرکردنەوە لە تەمەنی گەنجی و ڕۆژگاری پڕ لەسەختی و مووی سپی و هەڵکشانی تەمەن، یەکێکە لە بنەما دیار و بەرچاوەکانی نۆستالۆژیا و خەم و حەسرەتێکی گەورەی مرۆڤ)) (عەبدوڵلا: ٢٠١٦: ٢٣٤)، لەبەرئەوە نالیش وەکو شاعیرانی تر حەسرەتی لەدەستدانی گەنجی و بێئومێدی لە بوونی مەنزلگا و مەسکەنێکی ئارام و پەشیمانی و گلەیی و

ناڕەزایی لە دەوروزەمانە لە هەندێ لە شیعرەکانی ڕەنگیانداوەتەوە، بۆ نموونە لەم دێڕەدا دەڵێت:

**بەقییەی عومری زایع گەر موورادت پێ تەدارەک بێ**

**حەیاتی مەککەت و مەوتی مەدینەت جەبری نوقسانە**

( نالی، 1379: 492)

نالی لەو دێڕەدا بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئاماژە بە پیربوونی و هەڵکشانی تەمەنی دەکات لە ڕێگەی بەکارهێنانی (بەقییەی عومری زایع) دەزانرێت کە تەمەنی گەنجی لەلای نالی بەسەرچووە و لەدوا وێستگەکانی تەمەنیدا هەنگاودەنێت، لەبەرئەوەی هەر بەخۆی ئامۆژگاری خۆی دەکات کە هەتا ئەو تەمەنەی کە ماویەتی فریای خۆی بکەوێت هەتا لە کیسی نەچووە، بۆ ئەوەی ڕوو لە مەککە بکات و لەوێدا لە خزمەتی مەرقەد و مەککەی پیرۆز ماڵئاوایی ژیان بکات، دیارە هەموو ئەو ئاماژەپێکردنانە لەلای نالی ئەوە دەردەکەوێت، کە پیری و قۆناغی دوای گەنجی کاریگەری بەسەریەوە هەبووە لە ژیانی ئاسایی و ئەدەبیدا، بەردەوام ئەو ترس و نیگەرانیەی بەشێک بووە لە ژیان و گوزەرکردنی بە نێو دونیای پڕ لە جوانی و خەیاڵ و خۆشییەکانی.

هەروەها لەلایەکی تر نالی دەڵێت:

**سەوادی تورڕەیی ئەو ئیشتیباهی سەهوی جوان**

**بەیازی غورڕەیی ئەم ئینتیباهی سوجدەیی پیر**

(نالی، 1379: 216)

زۆرجار ئەوەی لە شیعرەکانی نالیدا هەستی پێدەکەین، لە ڕێگەی ئاماژەگەلێکەوە دەیەوێت مەبەستێک یان چەند مەبەستێک پێکەوە بدرکێنێ، نالی لەو دێرەشدا لە ڕێگەی وشەی (بەیاز) و ڕەنگی سپییەتی قژ ئاماژە بە سەردەمی پیری و پیربوونی خۆی دەکات، چونکە ((سپێتی کە زیاتر مەبەست سپێتیی قژە خاسیەتی چوونە پێشەوەی تەمەن و بەرەو پیری چوونە)) (قەرەداخی:٢٠٠٦: ١٦)، بۆیە بە شێوەیەکی گشتی لە دیوانی (نالی)دا چەندین شیعر هەن کە بە شێوەیەکی ئاماژەیی باس لە پیربوون و کەوتن و هاوار و ناڵەی پیری و وەسف و باس و نیشانە و خاسیەتەکانی و ترسان لە مەرگ و مردن دەکەن، جگەلەوانەی کە لە دیوی پشتەوەی دێڕەکە ئاماژەن بۆ ئەو سەردەمە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی بسەلمێندرێت کە نالی هەتاکو کوێ شاعیرێکی نۆستالیژییە و شیعرەکانی بە تەواوی دەکەونە ناو چوارچێوەی دەقی نۆستالۆژی. نموونەی چەند دێڕێکی تر بۆ ئەم جۆرەی نۆستالۆژیا لەلای نالی:

**شەوی بـەهـاری جوانی خـەوێ بوو پڕتـەشویر**

**لـە فـــەجــری پایزی پـیری بـەیانی دا تـەعبیـر**

(نالی، ٢١٤:١٣٧٩)

**هەر چەندە کە عومری خزر و جامی جەمت بوو**

**چونکە ئەمەلت زۆرە،چ عومرێکی کەمت بوو!**

(نالی:٣٧٨:١٣٧٩)

**عومرت نەفەسێکی کە هەموو عالەمی دێنا**

**بمرە لە غەمیدا کە هەموو سەرفی غەمت بوو**

(نالی:١٣٧٩:٣٧٩)

مرۆڤ ئەوەندەی لە ژیانی دونیایدا بێت، تەواوی چرکەساتەکانی ژیانی، هەڵوەدای ئارەزووەکانیەتی، لەبەرئەوەش کە ئارەزووەکانی چەند بارتەقای تەمەنیەتی، کەواتە نە دەتوانێ بە تەواوی ئارەزووەکانی بگات، نە ماوەی ڕێپێدراوی تەمەنیشی بەشی گەیشتن بە ئارەزووەکانی دەکات. ئاخر مرۆڤ سروشتێکی چاوچنۆکی و چڵێسیشی هەیە، تا تەمەنی لە هەڵکشاندابێت، ڕێژەی ئارەزووەکانی زیاتر و زیاتر دەبێت. لێرەدا و بەتایبەتتر لە دێڕی دووەم، دێت خەم لەو نەفەسە کورتانەش دەخوات کە سەرفی دەرد و خەم و ناڕەحەتییەکانی ژیانی کردووە، سەرفی ئەو ئارەزووانەی کردووە و نەیتوانیوە بیانگاتێ، چونکە ئەو چرکەساتانە دەکرا بە شتی دیکەوە سەرفی بکرایە، وەک ئەوەی لەم بەشەی شیعرەکەی ئاماژەی پێکردووە. (**هەموو عالەمی دێنا**).

**٢-١-٤: نۆستالۆژیای خەم و حەسرەت و دووری لە مەعشووق:**

نۆستالۆژیای خەم و حەسرەتی دووری لە خۆشەویست و مەعشووق جۆرێکە لە نۆستالۆژیای تاکەکەسی ((لەم جۆرەی ئارەزووی گەڕانەوە بۆ ڕابردوو (نۆستالۆژیا) شاعیر یان نووسەر هەست بە داخ و پەژارەیەکی زۆر دەکات لە دووریی خۆشەویستەکەی یان ڕۆژگارە خۆشەکان، سەرەڕای چەندین ساڵ هێشتا ئەو یادەوەرییانەی بەبیر دێتەوە و دەیەوێت بگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕۆژانە)) (کامیاب؛ محمدی: ١٣٩٥: ١٢١)، لەبەرئەوەش عەشق و خۆشەویستی گەورەترین هێزی کاریگەری ناخی مرۆڤەکانە ((ئەو هەموو خۆشەویستییەش تەنها ئاماژە نییە بۆ

مەعشوق، بەڵکو بۆ هەر شتێک و کەسێک کە مرۆڤ خۆشی بوویێت بەڕێگای جیاواز)) (روشنفکر و اسماعیلی: ١٣٩١: ٥٥)، خۆشەویستی دنیایەکی فراوانە و خۆ ئەگەر بە شێوەیەکی نەرێنی بوو ئاکامەکەی سووتان و خەم و ژان و یاخیبوون و بێئومێدی و ڕەشبینییە. ئینجا دووری لە عەشق و مەحبووب بابەتی سەرەکی نۆستالۆژیایە، لە جۆری نۆستالۆژیای تاکەکەسی، ئینجا دیوانەکەی نالیش شاکارێکی مەزنی عەشق و خۆشەویستییە، ماناکانی (خۆشەویستی و دۆست و یار... هتد) هەموو کون و کەلەبەرێکی دیوانەکەی پڕ کردۆتەوە ((شیعر بەلای نالییەوە مانای دیار و ئاشکرای هەیە، هەروەها مانای نهێنی و شاراوەشی هەیە. ئەمە دەبێ کە بە خەیاڵی شیعر تۆمار دەکرێ ئەو خەیاڵە دەبێ مەجازی تێدا بێ، واتە وشەیەک لەجێی ڕاستەقینەی خۆی بەکارنەهێنرێ، بەڵام دەبێ پەیوەندییەک بەمانا بنچینەییەکە بیانبەستێتەوە... ئەمەیە نهێنیی شیعر... کەس لەم نهێنییە نەگەیشتووە نالی نەبێ)) (خەزنەدار: ١٩٨١: ١٢٧)، واتە هەر دێڕە شیعرێکی نالی چەند ئامانجێک دەپێکێت، عاشقبوونی نالی و دوورکەوتنەوەکانی لە عەشقەکەی چەندین شیعر و چامەی ناوازەی لێ بەرهەمهاتووە، لەبەرئەوە ئەگەر نالی تامی عەشقی چەشتبێت و بە ناویدا گوزەری کردبێت، حەتمەن تامی دوورکەوتنەوە و دابڕانی چەشتووە و حەسەرەتی گەڕانەوەی کردووە بۆ ئەو ڕۆژانە وەکو لە هەندێک لە شیعرەکانیدا بە ڕوونی بەرچاودەکەوێت، بۆ نموونە دەڵێت:

**لە دووری تۆیە ئەی خورشیدی پڕتەو بەخشی شەوگەردان**

**کە ((نالی)) وا لە حاڵەتی میحاقی ماهی نەودایە...**

(نالی، 1379 : 65)

نالی له دواندنی كەسی بەرانبەرەكەی كە دڵدارەكەیەتی باسی بێزاری و ئازار و نیگەرانییەكانی خۆی دەكات، ئەویش بە بەكارهێنانی وشەی (میحاق) كە بە واتای ئەوەدێت كاتێک مانگی نوێیە، كە سەرەتا وەكو داوە دەزوو دیارە زۆر بە كەمی هەستی پێدەكرێت، نالی دەقێكی تەواو نۆستالۆژیی بەرهەمهێناوە، چونكە بەهۆی دووری لە عەشق یان یارەكەی هاوشێوەی حاڵەتی (میحاق) كەوتۆتە باری كزی و لاوازی و بێهێز و توانایی، ئەمە لەوكاتەی (خورشیدی پڕتەو)ی لێ دوورە و نایبینێ كە سەرچاوەی ڕووناكی و بەخشینی هێز و توانایە بە مرۆڤ بۆیە لێرەدا شاعیر لەناخی خۆیدا هەست بەخەم و دڵتەنگی و تاسە و چاوەڕوانی دەكات كە لە ئەنجامی ئەو دوورییەوە دروستبووە، كەواتە (نالی)یش وەكو هەر كەسێكی ئاسایی لە دووری مەعشووقەكەی خەم دایدەگرێت و ئارەزووی زوو بەكۆتاهاتنی ئەو دوورییە دەكات كە ئەوەش جۆرێكە لە جۆرەكانی گەڕانەوە بۆ ڕابردوو. نالی خاوەن هەست و سۆزێكی بەگوڕ و تینە، بەردەوام لە شیعرەكانیدا ئاماژە گەلێک هەن ئیشارەت بۆ عەشق و خۆشەویستی و جوانی دەكەن، لەگەڵیشدا دووری و دابڕان گوشارێكی زۆری خستۆتەسەر دید و خەیاڵ و ئەندێشەی، بە جۆرێک لە ناخەوە دەیهەژێنێ و هەست بەو كزی و لاوازی و بێ دەسەلاتییەی خۆی دەكات، لەگەڵ ئەوەش لە چەند دێڕێكی شیعرەكانی ئەو دووری و جیابوونەوەیە بەخەیاڵ كۆتایی پێ دێت و دەبڕێتەوە و نالی دەگات بە مەحبووبی دڵی و دونیا بە ئەندازەی جوانیی ناخی نالی و جوانیی مەعشووقەكەی جوان و ڕازاوە دەبێت. ڕۆژی تاریكی لێ ڕۆشن دەبێت و خۆری خورشیدی لێ هەڵدێت.

**یا توربەتێ،یا غوربەتێ با ڕێ بشکێنـــــــین**

**هەرمونتەزیرە((نالی)) ئەگەر مرد و ئەگەر ما**

(نالی، ۱۳۷: ۱۱۸)

دووریی نالی لە مەعشقەکەی دەیخاتە سەر کەڵکەڵەی ئەوەی داوای لێدەکات با ئەو دوورییەی نێوانیان بەسبێت و ڕێگەی بدات بگەڕێتەوە لای، جا ئەگەر لەو ڕێیە سەریشی تیابچێت، گرنگ ئەوەیە ئەو دووری و دابڕانە ببڕێتەوە، چونکە نالی پێکگەیشتنەوەشی قبوڵە جا با ئەگەر بە مردووییش بێت، چون هەرنا مەعشوق جارجار دێتە سەر گۆڕەکەی و سەری لێ دەدا.

**کە تۆ هـاتی لـە نـەومـیدیی نەمـا بــاس**

**لە هیـجر و ئینتیزار ئیدی نەمــا بــــاس**

**لەسایەی زوڵفی تۆوە شـەو درێــــــژە**

**لەسوبح و نووری خورشیدی نەمـا بـاس**

**فەلەک تۆی دا کە ئەمشـەو ڕۆژمان بووی**

**لە ڕەجمی نەجمی ناهیدی نەما بــــاس**

(نالی، ۱۳۷۹: ۲٤۲)

نالی دڵخۆشە بە هاتنی دلبەر، چون باڵی ڕەشی نائومێدی ڕەویوەتەوە، تەواو ئیتر کۆتایی بە دووری و چاوەڕوانی هاتووە. لەوە بەدوا شەویش هاوشێوەی پرچی مەعشووق ڕەش و تاریکە و درێژە و سا ئەو شەوە درێژانە دەکەنە ژوانگەیەک بۆ ئۆخژنی تاسەی دڵیان. لە

هەمان کات ڕۆژیش چیتر ئەو ڕۆژەی جاران نەماوە و ڕەونەق و ڕووناکییەکی تایبەتتری هەیە. ئەوانەشی تا دوێنێ گوێیان لێ دەگرتین و ئەهریمەن ئاسا بەدکاریی و بەدگۆییان دەکرد لە نێوانماندا، کاتی ئەوە هاتووە بچین ڕەجمیان بکەین و لە خۆما دووریانبخەینەوە، هەڵبەت بەو زیاتر نزیکبوونەوەیەمان لە یەکدی.

### ٢-١-٥: نۆستالۆژیای خەم و دووری و غوربەتی نیشتمان:

خەم و غوربەت و دووریی نیشتمان حاڵەتێکی دەروونییە و لەلای هەموو کەسێک بوونی هەیە بەتایبەتیش ئەوانەی لە نیشتیمان و زێدی باب و باپیرانیان دابڕاون ((تاسە و شەوقی گەڕانەوە بۆ نیشتیمان دیاردەیەکی مرۆڤایەتییە، کە هیچ کەسێک ناتوانێت پشتی تێبکات و لە دڵ و دەروونیدا بیهێنێتە دەرەوە، ئەگەر بە ئاستێکی بەرزی شارستانی و گەشەکردنی باری ئابووری و ئارامیی دەروونی و گیانیش بگات، لەبەر ئەوەی هەر لەو کاتەی مرۆڤ هەست بە بوونی خۆی دەکات هەستیش بە گرێدانی خۆی و ژینگەکەی دەکات))(غمیض:٢٠١٥:٥٣)، ئەو کاتەی مرۆڤ لە نیشتیمانی دایکدا دووردەکەوێتەوە بە بارێکی ناخۆش و تەنگ و غەریبیدا تێپەڕدەبێت و بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدایە بگەڕێتەوە زێدی خۆی، گەڕانەوە بۆ نیشتمان بۆ کەسێک کە دڵ و دەروونی پڕاوپڕە لەسۆز و خۆشەویستیی خاک و نیشتمانی دایک، بارێکی دەروونیی پۆزەتیڤە، لەبەرئەوەی بەگەڕانەوەی ئەو هەرچی خەم و دڵتەنگی و ژان و ئازاری ئاوارەیی دەڕەوێتەوە و نامێنێت، بەڵام ((لێرەوە ئەگەر بەرزترین ستایشکردنی تاراوگەکراو بۆ نیشتمانی دایک، بۆ نیشتمانێک کە زمانی زەگماک و خەونی گەورەبوون و یەکەمینی پێ بەخشیوە، لە گەڕانەوەدا بەرجەستە ببێت، ئەوا هیچ گەڕانەوەیەکی تاراوگەکراو بەبێ ستایشکردنی نیشتمانی دووەم، ئەو نیشتمانەی زمانێکی دیکە و یادەوەری و عەشقەکانی تری پێبەخشیوە مانای نابێت)) (سیوەیلی: ٢٠٠٢: ١٦٥)،

سەبارەت بە نووسەر و شاعیرانیش هەر هەمان دید و بۆچوونە، نالی وەکو شاعیرێکی کلاسیک نووسینی شیعر بە زمانی کوردی بەڵگەی ئەوە دەداتەدەستەوە کە تا چ ڕادەیەک ڕەگی شەوق و خۆشەویستیی نیشتمان لە دڵیدا داکوتراوە، بگرە بە شاعیرێکی ناسیۆنالیزمیش دادەنرێت و شانازی بە کوردبوونی خۆی دەکات ((ئەوانەی کە ئینکاری شیعری نیشتمانی نالی دەکەن جۆرە ستەمێ لە شاعیر دەکەن، چونکە تەنیا نووسینی شیعر بە کوردی بۆ نالی بەسە کە زمان و میللەت و نیشتمانەکەی خۆشدەوێ، شاعیر ڕێچکەی بە فارسی و عەرەبی نووسینی شکاندووە و شانازی بەخۆی و زمانەکەی کردووە)) (شوان: ٢٠١٢: ٢٩٠)، بابەتی نیشتمان و نەتەوە لەلای نالی ئەرکێکی پەیامداری وەرگرتووە و پێویستە وەک پەیامێکی ڕەوشتی و دینی ئاراستە بکرێت. سەبارەت بە مەسەلەی نۆستالۆژیا و حەزی گەڕانەوە بۆ ڕابردوو یان بۆ نیشتمان و زێدی باب و باپیران، تەنها چامەکەی (قوربانی تۆزی ڕێگەتم) بەسە بۆ ئەوەی دان بەوە دابنرێت کە نالی شاعیرێک بووە چووەتە ژێرباری حەزەکانی نۆستالۆژیا، ((نالی بەو قەصیدە نایاب و گرانمایەی کە لە شامەوە بۆ سالمی شاعیر و هاوڕێی نووسیوە، توانیویەتی تۆوی بیر و هەستی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەری لە سەردەمی قەیران و داگیرکاریدا لە هۆش و هەستی گەلەکەیدا بچێنێت)) (حمەئەمین: ٢٠١٤: ٤٩). ئەو چامەیەی نالی پڕاوپڕن لەبیرەوەری و یادکردنەوەی ناوچە و شار و دێ و کونج و کەلەبەری نیشتمان، نالی لە ناوهێنانی هەر شوێنێک سۆز و موحیببەتێک دروستدەکات گوێ ناداتە ئەوەی ئەو شوێنە سەوزاییە یان بیابان، ئاوەدانە یان چۆڵ، بە شێوەیەک هەست و شەوق و حەنینی خۆی دەردەبڕێت و تێکەڵی دەکات، کە ئاماژەن بۆ ئەوەی چەندین ساڵی لەم شوێنە بەڕێکردووە و چەند شتگەلێکی زۆری لێوە فێربووە، لەبەرئەوە سۆزی دەجولێ، کاتێک دەڵێت:

**قــوربانی تۆزی ڕێگەتم ئەی بادی خۆش مروور!**

**ئەی پەیکی شارەزا بە هەموو شاری ـ(شارەزوور)!**

**(نالی، ١٣٧٩: ١٨٤)**

زێد؛ بەشێکی دانەبڕاوە لە بوونی تاک، نالیش وەک مرۆڤێکی خاوەن شعور و تێگەیشتنێکی بالا لەو بابەتە، ئەو کاتەی دووری لە نیشتمان؛ وەک هەورێکی ڕەش خۆی لە دەروونی دەئالێنێ، دێت و (با)ی سروشت بەرجەستە دەکات، وەک پەیامنێرێک تێماندەگەیەنێت پێویستە بە وردی سەرنج بدەیتە دیمەنی گەورە و بچوکەکانی سروشتی کوردستان. لە ڕێگەی بە کەسکردنەوە رۆح وەبەر (با)دا دەهێنێت، بە شێوازێک ئەو (با)یەی کە خەیاڵی شیعریەکەی زۆر جیاوازە لەو (با)یەی سروشت، نالی دەیەوێ لە ڕێگەی (با)وە ئاگاداری هەواڵی دار و بەردی بێت، بە شێوازێک ڕێنوێنی دەکات وەکو ڕێبەرێک قۆناغ بە قۆناغی چۆنیەتیی داخلبوونی بە دەروازەی شار بۆ شیدەکاتەوە، دەڵێت:

**وەک ئاهـەکام دەوان بـە هـەتا خاکی کۆیـی یـار**

**وەک ئەشکەکەم رەوان بە هەتا ئاوی (شیوەسوور)**

(نالی، ١٣٧٩: ١٨٧)

نالی و نیشتمان دوو ڕەگەزی ئاوێتەی یەکترن، نالی لەناو ئەو بیرەوەرییانەدا دەژی کە لە نیشتمان تۆماری کردبوون، ئەو بە گەڕانەوەی دەیەوێت ئەم بیرەوەرییانە زیندووە بکاتەوە هەم گیانیش وەبەر نیشتمان دابهێنێت، ئەو گەڕانەوەیە تێکەڵی ئەو ئازار و ژان و حەسرەتانەی نیشتمان دەکات کاتێک لە غیابی (نالی)دا چەشتوویەتی. نالی بە دوو ڕێگا گەڕانەوە دروستدەکات، یەکەمیان گەڕانەوە بە دڵ و دەروون و خەیاڵ بۆ ئەو بیرەوەرییانە دووەم شەوق و پەرۆش و خۆشەویستی بۆ نیشتمان.

**زارم وەکوو هیـلال و نەحـیفـم وەکـو خـەیـاڵ**

**ئایـا دەکـەومـە سـەر زار و بـەدڵـدا دەکەم خـوتـوور**

**لەم شەرحی دەردی غوربەتە، لەم سۆزی هیجرەتە**

**دڵ ڕەنگە بێ بە ئاو و بە چاوا بکا عوبوور**

(نالی، ١٣٧٩: ٢٠٥ – ٢٠٦)

دووری لە نیشتمان، نالی تەواو هیلاک و لاواز و شپڕزە کردووە، ترس لەوەی ئایا تۆبڵێی لەبیری خەڵکی بمێنێتەوە؟! یان تا هەتایە لەبیر دەچێتەوە و جارێکی تر ناوی نایەتە سەر زاران و لە بیرەوەریی خەڵکی دەسڕدرێتەوە. بۆیە ئەو دووریيە وای لێدەکا خەریکە کورد وتەنی: دڵی خەریکە ببێت بە ئاو، بۆ گەڕانەوەی بۆ زێد و لای مەعشووقەکەی. شاعیر وەک هەموو ئادەمیزادێک سۆز و یادی نیشتمان، لە دەرەوەی نیشتمان و سەردەمی ئاوارەییدا هەڵچووە. ((ئەم بەیتانە، ئەگەرچی دەربڕی بەکوێرە ڕێ گەیشتنی رۆحی نالین، بەڵام لە هەمان کاتیشدا دەربڕی کوێرەڕێی گەیشتنی بیرەوەرییەکانی مرۆڤی کوردن ئەو مرۆڤەی نزیک بە دوو سەدەیە لە دووڕیانی (کەوتنە سەرزار و بە دڵدا خوطور) کردندا هەمان پرسیاری نالی دووبارە دەکاتەوە)) (سیوەیلی: ٢٠٠١: ٥٨). بۆیە نالی دەڵێت:

**ئایا مەقامی ڕوخصەتە لەم بەینە بێمەوە**

**یا مەصلەحەت تەوەققوفە تا یەومی نەفخی صوور**

(نالی، ١٣٧٩:٢٠٦)

واتە نالی هەم گوزارشت لەناخ و ڕۆحی خۆی دەکات، هەمیش وەکو شاعیرێکی خەمخۆر گرێی دڵ و دەروونی هەموو تاکێکی کوردی دەکاتەوە، کە ئەوانیش هەمان ئەو ئازار و ناڵەی نالی چەشتوویەتی هەستی پێ دەکەن و لەگەڵیدا دەژین، لەم بوارەدا نالی شاعیرێک بوو لە ئاستێکی بەرزی تێگەیشتنی کۆمەڵایەتی و دەروونی، بەوەی لە هەردوو دیوی لایەنەکە زۆر شارەزا بووە.

لەم چامەیەدا نالی ناوی چەند شوێنێکی ناسراو دەبات لە شار و گوند و گردە و کانی و... تاد، بەمەش بە بۆچوونی ئێمە نالی لە پشتی ئەوەوە دوو مەبەستی هەبێت بۆ ئەو ناو بردنە، یەکەمیان: نالی وەکو شاعیرێکی نەتەوەپەرست  چۆن ویستوویەتی هەر بە زمانی کوردی بنووسێت و زمانی بێگانە وەلا بنێت، بە هەمان ڕەفتاری ئەوەی دەیەوێ ئەو شوێن و جێگایانەی کە ناوی بردوون، دەیەوێ نەمرییان پێ ببەخشێت و بەزیندوویی بمێننەوە، ئەوەتا لەدوای چەندین ساڵ ئەو ناوانە هەر ئەوانەن کە ئێستا هەن و بەکاردێن. دووەمیان مەبەستی هەواڵپرسین و ئاگاداربوونە لە بارودۆخ و گوزەرانی ئەو شوێنانەی کە ناوی هێناون، لەگەڵ ئەوەش دەستکورت بوونیەتی لەئاست هەست و سۆز و حەسرەت و تاسە و شەوقی بۆ ئەو شوێنانە، کە پڕن لە یادگاری و بیرەوەری و لە یادگەی ئەودا تۆمارکراون، نالی دەڵێت:

**ئەمجا مەوەستە تا دەگەییە عەیینی (سەرچنار)**

**ئـاوێــکە پـڕ لـەنـار و چــنــار و گوڵ و چـنـوور**

(نالی، ١٣٧٩: ١٨٨)

**دەم وت دووچاوی خۆوە ئەگەر (بەکرەجۆ)ی ئەشک**

**نەبوایە تـیژ و بێ سـەمـەر و گـەرم و سـوێر سوور**

**داخڵ نەبی بەعەنبەری سارایی (خـاک و خـۆڵ)**

**هـەتا نەکەی بەخـاکی (سـولـەیـمان) یا عـوبور**

(نالی، ١٣٧٩: ١٩٠)

**داخۆ دەروونی شەق نەبوو (پردی سـەر شـەقـام)؟!**

**پیـر و ئـوفـتادە تـەن نەبـووە (داری پیـرمەسـوور)**

**ئێستەش بەبەرگ و بارە عەلەم داری (شێخ هەبـاس)،**

**یا بێ نەواو بـەرگـە، گـەڕاوە بۆ شـەخسی عـوور؟!**

**ئـایـا بـە جـەمع و دائـیـرەیە دەوری (کـانـی بـا)،**

**یـاخۆ بـووە بە تـەفریقـەی شـۆڕش و نوشـوور؟!**

**(سەیوان) نـەزیری گونبـەدی کـەیوانە سـەبز و ساف،**

**یاخـۆ بووە بەدائـیـرەیـی ئەنـجـومـەنـی قـوبـوور؟!**

**ئێسـتەش مـەکانـی ئاسـکـەیە (کانـی ئاسـکان)،**

**یاخۆ بـووە بـە مـەلعـەبـەیـی گـورگ و لـوورە لـوور؟**

(نالی، ١٩٤ – ١٩٦)

شوێن؛ پنتێکی فراوانی لەم چامەیەی نالی و لە زۆر دێرە شیعری دیکەی، داگیرکردووە. ئەو شوێنەی ئەو باسی دەکات و ناوی دەهێنێت، شوێنێکی خەیاڵی نییە، بەڵکو شوێنێکی بەرجەستە و واقیعی، شوێنێک سات دوای سات؛ تاسەی گەڕانەوەی بۆی، نالی تەواو پەیکەری چامەکەی لە کەسایەتی و ڕووداو و شوێن و کات، تەرخانکردووە بۆ گێڕانەوەی کۆمەڵێک بیرەوەری و بەسەرهات کە لەو ڕێگەیەوە دەتوانرێت بڕیار لەسەر نۆستالۆژیبوونی ئەو چامەیە بدرێت، لەبەرئەوەی هەر لە سەرەتای چامەکە نالی حەسرەت و ئارەزووی گەڕانەوە دەکات بۆ هەموو ئەو شوێنانەی ناوی هێناون و شەوق و تاسەی دووبارە بینینەوەیان دەکات، بەڵام ترسێکیش لە دەروونیدا دروستدەبێت کە بواری گەڕانەوەی نەدات، ئەمەش دیارە لەبەر هۆکاری نەمانی ئەحمەد پاشا لە دەسەڵات و گومانی تێکچوون و شڵەژانی بارودۆخ و جێگە و مەکانی لە نیشتمان، دەکرێت بگوترێت نالی لەژێر دروشمەکانی نۆستالۆژیا دەقێکی جوان و بەرزی نۆستالۆژیی بەرهەمهێناوە، ئەمە جگە لەو تاکانە یان دێرانەی تر کە بێ شک و گومان دەکەونە چوارچێوەی دیاردەی نۆستالۆژیا.

**ئەنجام:**

١. نۆستالۆژیای تاکەکەسی بە کۆی جۆرەکانی نۆستالۆژیای گەڕانەوە بۆ سەردەمی گەنجییەتی، نۆستالۆژیای حەسرەت و خەمی پیری، نۆستالۆژیای خەم و حەسرەت و دووری لە مەعشووق، نۆستالۆژیای خەم و دووری و غوربەتی نیشتیمان، سەرچاوەی سەرەکی بەرهەمهێنانی دەقە نۆستالۆژیاکانن لەلای نالی، کە لەو ڕێگایەوە نیشاندانی چەندین وێنە و دیمەنی حەسرەت و تاسە و شەوقی گەڕانەوە بۆ چەند ساڵی ڕابردوو دەخاتەڕوو، هەروەها کەوتنە ژێر باری چەتری نۆستالۆژی خۆی دەسەلمێنێت.

٢. نۆستالۆژیای گەڕانەوە بۆ سەردەمی گەنجیەتی لە شیعرەکانی نالیدا زیاتر لە شێوەی دیمەن و وێنەی شاراوەدا خۆی دەنوێنێت، ئەویش لە دیوی دووەمی دێڕەکەوە باس لە سەردەمی گەنجی و کەیف و هێز و قۆناغی پڕ چالاکی خۆی دەکات، بە وردبوونەوە و شیکردنەوەی وشە و وێنەکان دەردەکەوێت کە نالی باسی سەردەمی گەنجیەتیی خۆی دەکات، دیارە ئەوەش بووەتە هۆکاری هەستکردن بە تاسە و شەوق و حەزی گەڕانەوە بۆ ڕابردوو.

٣. عەشق و خۆشەویستی بابەتی سەرەکیی نۆستالۆژیای تاکەکەسییە و لە لای نالیش مەبەستی سەرەکی شیعرە، ئینجا ئەو عەشقەش بووەتە سەرچاوەی هەستکردن بە دیاردەی نۆستالۆژیا و جۆری نۆستالۆژیای تاکەکەسی، لەبەرئەوەی دوورکەوتنەوە لە مەعشوق و دابڕان و جیابوونەوەی بووەتە هۆکاری ئەوەی نالی هەست بە دڵتەنگی و نائارامی بکات و حەزی گەڕانەوەی بۆ دروستببێت.

## لیستی سەرچاوەکان:

## سەرچاوە کوردیەکان:

١- ئەحمەدی، سامالٚ (٢٠١٤)، ئەدەبیات و تەنیایی. چاپخانەی موکریانی، هەولێر.

٢- ئەمین، توانا (٢٠٠٨)، مەنفا و خوێندنەوە. ژ١٥، لەبڵاوکراوەکانی پاشکۆی ڕەخنەی چاودێر.

٣- حەمید، نەجات (٢٠٠٩)، نالی دەگەڕێتەوە سلێمانی چەمکی شار ودەسەلاّت لە شیعری قوربانی تۆزی ڕێگەتم. گ(کاروان)، ژ٢٣٦، هەولێر.

٤- حەسەن، مەحەمەد فەریق (٢٠٠٨)، هێمنی و بۆنی غەریبی. چاپخانەی ئاراس- هەولێر.

٥- حمە ئەمین، محمد محمد (٢٠١٤)، فیراق و ویسال لە شیعری نالیدا. چاپخانەی چوارچرا.

٦- خەزنەدار، مارف (١٩٨١)، نالی لە دەفتەری نەمری دا. زنجیرە لێکۆڵینەوە، دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکراوەی کوردی.

٧- سیوەیلی، ریبوار (٢٠٠١)، لەستایشی ئەدەبدا. کۆمەڵێ وتار، و/ لە ئینگلیزیەوە:شێرزاد حەسەن، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

٨- سیوەیلی، ریبوار (٢٠٠٢)، دیاردەگەرایی تاراوگە. چاپی دووەم، دەزگای ئاراس، هەولێر.

٩- سیوەیلی، ڕێبوار (٢٠٠١)، کتێبی نالی. چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

١٠- شەورۆ، فازیڵ (٢٠١٣)، ٢ لێکۆڵینەوەی ئەدەبی، چاپخانەی هاشم، هەولێر.

١١- شوان، ابراهیم احمد (٢٠١٢)، ئەدەبی کۆنی کوردی. چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر.

١٢- عبدالله، پێشڕەو(٢٠١٣)، دەرروونشیکاری شیعر. چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

١٣- عەبدوڵڵا، سۆران مامەند (٢٠١٦)، نۆستالۆژیا لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا بە نمونەی شیعرەکانی عەبداڵڵا پەشێو. ئەنوەر قادر محەمەد، سەباح رەنجدەر، چاپخانەی تاران.

١٤- قەرەداخی، عەتا ( ٢٠٠٦)، گەڕان بەدوای ماناکانی شیعردا. دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی.

١٥- محەمەد، مەسعود (٢٠٠٧)، دەستەودامانی نالی. بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر.

## دیوان:

١- دیوانی نالی (١٣٧٩)، توێژینەوە و لێکدانەوەی: مەلا عەبدولکەریمی مودەریس و فاتیح عەبدولکەریم، انشارات کردستان، سنە.

### سەرچاوە عەرەبیەکان:

١ – الغميضي، حنان (٢٠١٠)، الغربة والحنين في الشعر العربي الحديث رياض معلوف أنموذجا. رسالة ماجستير، جامعة محمد بوضياف العسلية كلية اداب واللغات.

**سەرچاوە ئینگلیزییەکان:**


١. Anne B. Koch of loss and longing Nostalgia, utopian Nision, and the pastoral in J.R.R Tolkiens the lord of the Rings and the hobbit, university it Trier, 2017

٢. Davis, F. (1979), yearning for yesterday, A sociology of nostalgin, new work.

٣. Ekaterina lalining Soderton university, 2014, Stockholm.


**سەرچاوە فارسییەکان:**


تیموری، شریفیان؛ شریف، مهدی (١٣٨٥)، برسی فرایند نوستالژی در شعر معاصر (بر أساس اشعار نیما یوشیج و مهدی اخوان ثلاث). کاوش نامه زبان و ادبیات فارسی، شماره 12.

روشنفکر، کبری و اسماعیلی، سجاد (١٣٩١)، برسی تطبیقی نوستالژی در شعر عبدالوهاب البیاتی و شفیعی کدکنی. پژوهش های ادبیات تطبیقی، شماره٢.

طاهری نیا ،عباسی؛علی باقر، نسرین (١٣٩٠)، برسی پدیدەی نوستالژی -غم غربت- در اشعار ابن خفاجه. پژوهشنامه ادب غنایی، شماره 17.

ممتحن، مهدی مجیدی؛ حسن کرمی؛ سکینه صارمی (٢٠١٢)، تطبیق نوستالژی در اندیشه جبران نیما، فطنامه مصالعات ادبیات تطبیقی، شماره ٩٥، دانشگاه ازاد اسلامی.

کامیاب، مرجان؛ محمدی، سمیه (١٣٩٥)، برسی فرانید نوستالژی در اشعار محمد امین شیخ الاسلامی (هیمن). پژوهشنامه ادبیات کردی، شماره ٣.

**Abstract:**

This research tries to explain and identify the types of personal nostalgia in Nali's poems, in which the types of personal nostalgia has been discussed in theory and has been found practically in his poems, where we see centuries ago the poet had sentimental longing or wistful affection for a period in the past. Nostalgia is a psychological feeling found inside every human being, and every single one of us has their own reasons to recall, desire or feel remorseful of their past, could be a recall of happy times or misery. This feeling is not as important to the normal men but has a strong value for poets and authors whom apply it on their artistic works.

Keywords: nostalgia, nali, anxiety, sadness, grief.

**الملخص:**

تناول هذا البحث انواع النوستالجيا الفردية في اشعار نالي، ويقصد بالنوستالجيا الحنين الى الماضي، وقد حاول البحث توضيح المفردة و تعيينها من خلال الاشارة الى انواعها الفردية المختلفة من الجانب التطبيقي مدى حنين الشاعر للماضي وبيان كيفية محاولة الشاعر اللجوء الى هذا النوع من الحنين قبل قرون من اشعاره.

النوستالجيا (الحنين الى الماضي) حالة نفسية توجد في الشعور الداخلي للافراد، و كل لسبب معين، وقد تكون لسبب الحزن او التحسر او الندم على الماضي، اما الاشخاص او الافراد العاديون فلا يشعرون بهذه الحالة ولايهتمون على خلاف الكتاب و الشعراء الذين يتناولونها كل منهم على حنواله الخاص، ولذلك ظهرت هذه الحالة تتجاتهم الأدبية المختلفة.

الكلمات الرئيسية: الحنين إلى الماضي، نالي، الفرد، الحزن، العودة إلى الماضي.